KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 20-5-2007 0:05

# ئەو نەهێنییانەی هیچ رۆژنامەنوسێک نەویرا بۆمیان بنوسێتەوە... شیرین کوردی

s_sern@yahoo. com

لاتان سەیر نەبێت ئەگەر بڵێم ئەوە یەكەم جارە لە سایتەكان دەنوسم ویستم لە رێگای ئەم نوسینانە باس لە كۆمەلێك نەهێنی ژیانی خۆم بكەم كە زۆر بەداخەوە پێش نووسینەوەیان چەندین جار لە رێگای ئیمایل كردن بۆ هەندێ رۆژنامەنوسی ناو سایتە كوردیەكان كە ژێر دەم و سەری دەمیان داكۆكی كردنە لە مافی خەڵك و ئافرەتان بەتایبەتی تا هاوكاریم بكەن بۆ ئەوەی پەردە لەسەر هەندی كرداری نابەجیی هەندێ لەم بەناو هونەرمەندانە لاببەم، بەڵام ئەوان ئەوەندەی داواكاریان هاورێیەتیم بوو ئەوندە پەرۆش نەبوون تا هاوكاریم بكەن لە نوسینەوەی بابتەكانم

وەلی باسی هەندی لەم خانمانەش ناكەم كە بە خەم خۆری ئافرەتان خۆیان دەناسێنن و زۆرجاریش لە رێگای نوسینەكانیان ململانی ی پیاوان دەكەن بەڵام بە داخەوە پێ دەچێت ئەوانیش توشی ئشقی پیاوە گەورە كانioooبووبن بۆیە كێشەی ژنانیان بیر چۆتەوە لە هەبوونی ئەوانیشەوە هەموو رۆژێك دوعایەك لە خاج دەدەرێت، بەداخەوە زۆر لەمانە ئامادە نەبوون ئەم نەهێنیانەم بۆ بنوسنەوە تا بڵاویان بكەمەوە بۆیە من باش بیركردنەوەیەكی زۆر بریارم دا نەهێنی چوار ساڵ ژیانم لە هەندەران و هەموو رێگا سەختەكانی نێوان توركیا یۆنان ودوایش ژیانی یۆنان بە گشتی و شەوە مەینەتیەكانی باوەشی مافیەكانی بە ناو هونەرمەندوو ئافرەت كوژ و هونەر دۆست تا گەیشتن بە وڵاتی سوید و تۆری هونەرمەندانی گاڵتەجاریی و فاحیشە كردن وئاواز دزین و هونەرمەندی رەسن و ئابرو بردووی كچانی كورد تان تێك چوونی ژیانی خێزان ولێك جیا بوونەوەم لە هاوسەركەم لە زنجیرە وتارێك پەردەیان لەسەر لاببەم بە جورئەتەوەش ناوی هەندێ لەم فاڵتۆ هونەرمەندانە ئاشكرا دەكەم كە خەڵكی گوناە وگەنجە بستە زمانەكانی كوردستان شەیدایان بوە بێ ئەوەی راستی وماهیەتیان بزانێت كە زۆر بەداخەوە هەندێكیان ئێستا لە كوردستان لە پاش بازرگانی كردن بە موخدەرات بونەتە مقاول و لە تەنیشت سەرۆكی حكومەت شان بەشان دەوستن كە لە نووسینەكانی داهاتووم زۆر بەوردی باسی ئەم تازە بازرگانەی شوقە دروست كردن و ئەو راوێژكارە كرو لە سەرخۆیەی ئەنجومەنی وەزیران و ئەو چەقو كێشەی ژێر پردەكەی سەیداوەی هەولێر كە بە كەركوكی ناسراوە تا دەگاتە شاعیرە بێ ئیقامەكەی هوڵنداو هونەرمەندە ناسراوەكەی نێو حەمامی ژنان و دزی گەورەی ئاوازی فارسی و هەندێ لە هونەرمەندە نەخۆشەكانی شاری هەلمەت و قوربانی كە ئەوانیش چاوەرێی ژن بازە دزە گەورەكەی ئاوازی فارسین تا پاشە خۆی تێری شەهوەتیان بكات..

دیارە لەوانیە لەم پێشەكیە خوێنەر پرسیاركی لا دروست بێت و بلێت بۆ بەم وەختە ئەم بابتەت ورژاندوو و چ مەبەستێكت لەم نوسینە هەیە؟؟

پرسیارێكی لە جێی خۆیەتی و منیش بۆ ئەوەی خەڵك بزانێت كە ئەم كیشانەی ئەم هونەرمدانەی باسیان دەكەم بۆ من و هەندێ خێزانی كوردیان لە هەندەران دروست كردوە بوونە هۆكارێك بۆ مال تێك چوونم و تەلاق دانم بۆیە منیش بریارم دا بە خەڵكیان ئاشنا كەم و بیان ناسێنم كە ئەو پیاوە ماقولانە كێن وچین و چەندە بۆگەنن، بۆ زانین برادەرێك بەناوی هیوا گول موحەمدی وەختێك ویستی زۆر نەهێنی یەكێ لەم هونەرمەندانە كەشف بكات بەڵام من هۆكارەكەم نەزانی بۆ وەستا وابزانم ئەویش قەرزەكەی وەرگرتەوە بۆیە وەستا؟؟؟

بەهەر حاڵ لە نوسینی داهاتووم باسی ئەو رۆژانە ناكەم كە لە توركیا بووم چونكە شایەنی نوسین نین بەڵام هەركە گەیشتمە یۆنان باسی ئەو هونەرمەندتان بۆ دەكەم كە بە سەردار كەركوكی ناسراوە كە

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لە پێش من ئافرەتێکی بەر چەقۆ داو کوشتی بە زۆری زۆرداریش من و ئەو دوو ئافرەتە سلێمانیەی کە چاوەڕێی مێردەکەیان دەکرد خستە ژێرە خۆی و...
چاوەێ بن ...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.